## وانەی یەکەم //

### پێناسەی یاری :

١. یاری دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە مێژووییە، چالاکییەکی سەربەخۆی منداڵە، ئامرازێکە بۆ ناسینی خودی خۆی، بۆ شادبوون و پەروەردەی جەستەیی و کۆمەڵایەتی، وهۆکارێکی وەرزشە و ڕەگەزێکی فەرهەنگی وکەلتوری گەلانە.

٢. یاری ئەو چالاکییەیە کە منداڵ دەیکات بێ هیچ فشارێک لە ژینگەیەوە( کە ژینگەی خێزان، ژینگە کۆمەڵایەتی، و ژینگە سروشتیییەکە دەگرێتەوە) .

٣.یاری بریتییە لە بەکارهێنانی وزەی جووڵەی لەش بۆ دروستکردنی چێژی دەروونی، یاری بێ وزەی مێشک و جووڵەی جەستە ئەنجام نادرێت.

### پۆلین کردنی یاری مندالان:

پیوەرەکانی پۆلین کردنی یاریکردن جۆراوجۆرن ئەوەش بەپیی شیوە وئەرکەکانی کە دەگەریتەوە بۆ کارلیکردنەکانی وسروشتەکەی وئاستەکانی وخاسیەتە کۆمەلایەتیەکانی و رۆشنبیرییەکان وجوولەییەکان وجەستەییەکانی یاخود لە رووی ژمارەی بەشداربووانی یاخود بەپیی تەمەنی تاکە کەس .

**بۆیە( بوهلر) بەپیی سروشتی خۆی یارییەکانی بۆ چوار جۆر پۆلین کردووە :**

١. یارییەکانی خەیال / ٢. یاری شیوەکاری / ٣. یارییەکانی داهینان / ٤. یارییە کۆمەلایەتیەکان.

لە کاتیکدا (هنریۆ) یارییەکان بە  پیی قۆناغەکانی بۆ سی جۆر دابەش کردووە :

١. یاری وەهمی: کە بەشیوەیەکی گشتی پشت بە خەیالی مندال دەبەستیت .

٢.یاری واقعی: بە جۆریک مندال مامەلە لە گەل شتەکان وکەسایەتیەکان دەکات لەسەر بنچینەی ئەوەی کە لە واقعدا هەیە .

٣.یاری واقعی وەهمی: ئەم جۆرە لە یاری کردن پشت بە شتیک لە خەیال دەبەستیت بۆ ئەوەی چالاکیەکە وا لی بکات جیاواز بیت وشیوەی یاری وەربگریت .

**بەلام (رۆزمبلات)هەستاوە بە پۆلین کردنی یاری مندالان بە پیی ی سروشتیان بۆ چوار جۆر :**

١.یاری دەروون جولەی: ئەوەش بەکارهینانی یەک یاری یان زیاتر وەکو بەکارهینانی یارییە جولەییەکان بۆ خاسیەتەکان فیزیای سروشتەکان.

٢.یاری بۆچوون یاخود یاری لاسای کردنەوە: مندال یارییەکەی بەکار دەهینی، ئەوەش بەپیی ی واقعەکەی وئەو مەبەستەی بۆی دانراوە .

٣.یاری لاسای کردنەوە لەگەل بەکارهینانی خەیال: ئەوەش پشت دەبەستن بەخەیال و بۆ چوون یان وینەکردن.

٤.یاری هیمایی: بە جۆریک مندال تیدەکات لە ئەرکە واقعی یەکان لە یاری دا بە کاری دەهینی بەلام ئەو لە شتیکی تر بەکاری دەهینین .

لە کاتیکدا( بیاجیە)یارییەکان بەپیی قۆناغەکانی گەشەی مندال دابەش دەکات بۆ سی جۆر :

١. یاری ئەرکی(راهینانی) : ئەمەش لە قۆناغی هەست وجوولەی دەردەکەویت کە وا مندال کاتیک یاری دەکات کە ئەو شتە بدوزیتەوە کە یاری پی دەکات ئەم جورە یارییەش لە مانکەکانی سەرەتای ژیانی مندال گەشە دەکات و دەگاتە بەرزترین ئاست لە ماوەی دوو سال یان سی سال لە تەمەنی مندال، ودواتر دەست بە کەمکردنەوی دەکات تاکو نامینیت، ئەمەش تاکە یارییە کە مندال لە قۆناغی هەستی جوولەیی ئەنجامی دەدات و وەکو وەلامدانەوەیەک بۆ جوولە ماسولکە پیەکانی و پیداویستیە جوولەییەکان وچالاکی، لیرەدا مندال دەست لە شتەکان دەدات تەنها بەمەبەستی چیژ لی وەرگرتن نەک بۆ مەبەستی فیربوون.

٢. یاری هیمای: هەروەها بیاجیە ناوی یاری وەهمی لەم قۆناغە دەبیت، مندال توانای داهینانیان وجەستەییان وهۆشیاری کۆمەلایەتیان بە چەند ریگایەک دیار دەخەن، جا مندال وا خەیال دەکات کەکەسیکی ترە(دایک، باوک)یاخود مامەلە لەگەل کارتۆنیک دەکات وا دەزانیت ئۆتومبیلە دەسی پی ی دەکات لە تەمەن دوو سال ولە سال شەش کەم دەبی .

٣. یاری کردن بەپیی ی ریساکان : لەم قوناغەدا مندال لاسای یاری گەورەکانی دەکەنەوە، بەلام یاری ریکخراو تا وەکو تەمەنی(٨)سالی لە لایەن منالەکەوە دەرناکەون.

هەروەها دەکریت جورەکانی یاری بەم شیوەیەی خوارەوە دابەش بکریت:

١.یاری جەستەی: ئەم یاریە لە گشت یارییەکانی تر لەلایەن مندالان بلاوترە، ئەگەر تیبینی بکریت ئەم یارییە لە یاری سادە ولە خۆوە وتاکە کەسیەوە پیش دەکەویت بۆ یاری زیاتر ریکخراو و بەکومەل ئەویش بەم شیوەیەی خوارەوە:

*یاری هەستی جوولەی: سەرەتاکانی چالاکی یاری کردن لە مانگەکانی سەرەتای تەمەنی مندال دەردەکەوەن، کاتیک یاری چالاکیەکی ئازاد و لە خۆ وەیە کە مندال پی ی هەلدەستیت وهەر کاتیک ویستی وازی لی دەهینیت، لەم قۆناغەدا یاری کردن چیژی خۆی هەیە بۆ مندال، بۆ نموونە مندال حەز دەکات شتەکان پەرش وبلاوبکاتەوە، وە یاری هەستی جوولەیش چەند جوریکە:

+جوولەی بی ئامانج .

+چالاکی لە ناکاوی بی ئامانج یاخود ئامانجداری ناروون .

+چالاکی دووبارە، بریتی یە لە جموجۆلی لە خووە کە لە جوولەی اجباری دووبارە بووە وە دەست پی دەکات بۆ روشتن وسەرکەوتن وئەم جوولانەی کە مندال پی ی هەلدەستیت لە تەمەنی دوو سالی یان سی سالی .

*یارییەکانی کۆنترول کردن: لە قوناغی پیش قوتابخانەدا دە گوازریتەوە بۆ گرنگی دان بە چالاکی پیشکەوتوو تر و ئالوزتر کە بە یارییەکانی کۆنترول کردن دەناسریت کە وا لە مندال دەکات شارەزای جوولەی باش بە دەست بهینیت، وەکو هاوسەنگی وهەروەها مندال ئەم شارەزاییانە تاقی دەکاتەوە لە یارییە جۆراوجۆرەکان، کە بە یاری شارەزای دەناسریت، کە مندال گرنگی دەدات بە رویشتن لە شەقامەکان وبازدان لە شوینی بەرز و رویشتن لە سەریەک پی وتۆپ هاویشتن.

***یاری زبر:** ئەم یارییە زۆر بڵاوە لە نێوان کوڕ بەتایبەتی لە قۆناغی منداڵی ناوەڕاست وکۆتایی، کاتێک منداڵ دەست دەکات بە تاقی کردنەوەی توانا جەستەییەکانی لە ڕێگای ئەم یاریانەی سیفاتی زبریان هەیە، وەکو زۆرانبازی ودەست دەستانێ وهەڵدانی تۆپ، ئەم جورە یارییانەی هەڵچوونی توندی تیایە وەکو هاوارکردن وتەڵەدانانەوە وبۆکەسانی تر.

***یاری بەکۆمەڵ** : یاری بەکۆمەڵ لەکاتێکی زوودا دەردەکەویت، ئەو ڕایەی کە گشیش بێ ی قەبوڵە ئەویە کەیاری بەبێ ی کات گۆڕانکاری بەسەرداديێت واتا یاری بەکۆمەڵ لەلایەن منداڵەوە گەشە دەکات بەبێی گەشەگردنی رەفتاری کومەڵایەتی منداڵ، ئەویش بەم شێوەیەی خارەوە:

١. **یاری تاک** : لێرەدا منداڵ بەتەنیا یاری دەکات بەبێ ئەوەی بۆ دەورووبە رەکەی بکات.

٢. **یاری سەیرکردن:** لەم یارییەدا منداڵ تەنها سەیری کەسانی تر دەکات.

٣. **یاری هاوسەنگ:** چەند چالاکیەکی یاری کردن چوون یەکە کە دوو منداڵ یان زیاتر پێ ی هەڵدەستن بەڵام بەبێ ڕوودانی هەر کارلێککردنیکی کۆمەڵایەتی لە نێوانیان. بۆ نموونە کاتیک دوو منداڵی لەیەک تەمەن دادەنێی ی و لە نزیکیان دوو یاری لەیەک چوو دادەنێی ی، ئەگەر هاتوو یوکێکیان گرنگی بە یاریەکەدا ئەوا دووەمیش هوڵ دەدات لاسای بکاتەوە، واتا یاری هاوسەنگ هەنگاوی یەکەمە بۆ دروست کردنی بەیوەندی کۆمەڵایەتی بەهێز لە دەرەوەی خێزاندا.

٤.**یاری هاوبەش:** لەم یاریەدا منداڵەکان کارلێک دەکەن لە نێو یاریەکەدا، وەکو ئاڵ وگۆڕکردنی کەل وپەلی یاریکردن وقسەکردن لەگەڵ یەکتر، بەڵام هریەکێکیان بۆ خۆی بەتەنها یاری دەکات.

٥. **یاری هاوکاری:** لەم یاریەدا منداڵەکان پیکەوە کاردەکەن ویارمەتی یەکتردەکەن بۆ بەرهەم هێنانی شتێک هەروەک ڕۆڵێ یاری کردن لەنیو خۆیاندا ئاڵ وگۆڕ دەکەن، ئەمش لە قۆناغی پیش قوتابخانەیە بەشێوەیەک منداڵ فێری چەند شارەزاییەکی کۆمەڵایەتی نوێ دەبێت وەکو دابەش گردنی یارییەکان ویاری کردن بەپیی ڕۆڵ وەرچاوکردنی یاساکان دانووستان کردن.

***یاری نواندن:** ئەم جورە یاریەوە بەستراوەتەوە بە توانای منداڵەکە لەسەر بیرکردنەوەی هیمایی، ئەمەش کاتێک دەردەکەوێت کە منداڵی کچ شیر دەدات بەبووکەکەی یاخود دانانی اە نێو عارەبانەداوهاتووچۆ پێکردنی، لەچالاکیەکانی یاری نواندندا منداڵ هەڵدەستێ بە بەرجەستەکردنی کەسایەتیە گەورەکان **وئەم یاریەش چەند سودێکی هەیە وەک:**

١.**عەقڵی:** کە فێری بیرکردنەوەی داهێنەرانەی دەکات.

٢.**کۆمەڵایەتی:** فێری بەرجەستەکردنی ڕۆلی گەوەرەکانی دەکات ئەمەش بۆ ئامادەکردنی بۆ یان.

**٣.دەروونی: قەرەبووکردنەوەی چارەسەرکردن، توێژەرەکان وای بۆ دەچن کەئەم یارییە لەسەرەتای منداڵی دا هەیە ئەمەش بەرچاوکردنی گەشەکردنی توانای بیرکردنەوە لەم قۆناغەدا، هەرکاتێک مندالتەمەنی بەرەو پێش چوو تێکەڵ بوو لەگەڵ کۆمەڵگەی قوتابخانە ئەوا خۆی دووردەخاتەوە لە یاری وەهمی، وئەم یارییە ئەرکی زۆری هەیە وەکو:**

**گەشەسەندنی توانای منداڵ لەسەر تێپەڕاندنی واقع و ڕۆچوون لەخەیاڵدا کە یارمەتی گەشەسەندنی بیرکردنەوەی داهێنەرانە دەدات.**

***یاری بنیات نان یاخود پێکهاتەی: یاری پێکهاتەی بەیەکێک لە دیاردەکانی چالاکی دادەنرێت لە قۆناغی منداڵی دواکەوتوو (١٠-١٢)ساڵ ئەمەش لەیارییەکانی ماڵەوە دروست کردنی پردەکان یان تەلاری دەردەکەوێت.**

**چەند كاريك هەيە كە پيويستە لەبەر چاو بگيريَن لە كاتى فيَركردنى چالاكى هزرى داهينان لەلايەن مندالانى باخچە :-**

1-گەشەپێدانی شارەزایی بیرکردنەوە لەلایەن منداڵ.

2- گەیاندنی هزرەکان بە منداڵان بە چەند ڕێگایەکی جۆراوجۆرو جیاواز چونکە ئەوان پێویستیان بە توانایەکی عەقڵی گەورەو تەواوبوونی نێوان شێوە جیاوازەکانی وشەکان و وێنەکان و پەیکەرتاش و تەلاربازی و مامۆستاو جوولەکان و سەماو شانۆ دراسیەکان.

3- فێرکردنی منداڵ بە هەندێ شتی مانادار و بەسوود، کاتێك منداڵ پرۆسە عەقڵیەکان بە دەست دەهێنێت کە پێویستن لە لایەن هزری داهێنان ،پێویستن بەم شێوەیەی خوارەوە دیاری دەکرێن:-

*ڕێگای مامۆستاکە بۆ روونکردنەوەی زانیاری بۆ منداڵان.

* جۆری وەڵامدانەوەی منداڵان.

* ڕێگای بەدەستهێنانی گشتاندنەکان و ڕێساگشتیەکان لەلایەن منداڵانەوە.

* ئاستی پراکتیکی لەلایەن منداڵانەوە.